www.kurdistannet.org

17-11-2005 1:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

chak_org@yahoo. com

# چاك لە پێشڕەویدایە، با مشەخۆران لە داخا، یەخەی خۆیان دادڕن

هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، (چاك) پەیمانی ئەوەی پێدان، کە ببێت بە قەڵغانی بەرگری لە ماف و داواکارییەکانی قوربانییانی جینۆسایدی گەلی کورد، قوربانییانی ئەنفال و هەڵەبجە و فەیلی و بارزانی و سەردەشت و قارنێ و ئەوانی تر، پەیمانی پێدان ببێت بە دەنگی بەرگری لە کورد، دژ بە جینۆساید، جا ئیتر لە مەهاباد بێت یان لە سنە، لە قامیشلی بێت یان لە دیاربەکر، لە کەرکوك بێت یان لە دهۆك، یان هەر بستە زەمینێکی تر.

(چاك) لە ماوەی دەست بەکاربوونی خۆیدا، بەکاری چڕوپڕی کۆمەڵێك لە ئەندامانی تێکۆشەر و هاوکاریی ئەندام و دۆست و لایەنگران و بە پشتگیریی تەواوی جەماوەر و بە تایبەتیش قوربانییانی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و قوربانییانی تر، توانی کۆمەڵێك کاری مەزن، لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیشدا ئەنجام بدات و پرسی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بباتە ئاستێکی ترەوە.

بێگومان ئەو کارانەی ئێمە دڵی هەموو کەسێك خۆش ناکات و بگرە دەبێتە بەردێکی قورسی سەر دڵی هەندێکیش. ئێمە کە باس لە دادگاییکردنی فایلدارەکان دەکەین، تۆبڵێیت چاوەڕوان بین فایلدارێك دەستخۆشیمان لێ بکات؟! کە باسی دەرکردنی کۆنە جاشێك دەکەین لە قایمقامێتی (قەزا) یەك، یان بەڕێوەبەری (ناحیە) یەك و بە کردەوەش ئەنجامی دەدەین، چاوەڕوانی چەپڵەی ئەو قایمقام و بەڕێوەبەرە نین، بەڵکو دڵنیاین، ئەگەر گوللەی گڕداری دەستوپێوەندەکانیشی سنگی ئەندامانمان نەپێکێ، ئەوا لایەنی کەم هەوڵ دەدات بە ڕێگایەکی تر، قینی خۆی بەسەر (چاك) و ئەندامەکانیدا هەڵڕێژێت، ڕێگایەك کە لە مێژووی پڕ لە شەرمەزاری خۆی بووەشێتەوە.

ئەرێ کەسێکی تێکۆشەری شارەزا هەیە کە نەزانێت، چاك و دۆستەکانی* بوون، (نزار خەزرەجی) ئەنفالچییان لە دانیمارك دایە دادگا و قەفەسی تاوانبارییان لێ تەنگ کردەوە؟! کەسێکی بە ئاگا هەیە کە نەزانێت، هەر (چاك) بوو وەفیق سامەڕایی سەرۆکی ئیستخباراتی عێراقیی دایە دادگا؟! ئەرێ کەسێکی شارەزا و ڕاستگۆ هەیە کە نەزانێت، (چاك) بوو یەکەم دەنگ و یەکەم ڕێکخراوێك، بانگەوازی هەموو گەلی کورد و حزب و ڕێکخراوەکانی کرد، بۆ کاری هەرەوەزی لە دادگاییکردنی (سەدام حوسێن) ی کۆنە دیکتاتۆر، بەتاوانی (جینۆسایدکردنی گەلی کورد) ؟! کەسێك هەیە ئاگادار نەبێت کە (چاك) خەریکی دادگاییکردنی (فرانس ڤان ئەنرات) ە کە گەورەترین بازرگانی چەکی

کیمیاوییە و ئەو ماتریاڵە کیمیاوییانەی بە ڕژێمی عێراق فرۆشتووە کە هەزارانی لە شاری هەڵەبجە و سەردەشت و گوند و ناوچەکانی تر پێ شەهید کرا.
بەڵام ئەوانەی ئەمڕۆ لە پێناوی بەرگری لە خۆیان یان لە پێناوی پاداشت و دەمچەورکردنیان لە لایەن ئاغاکانیانەوە یەخەی چاك دەگرن، دڵنیابن کە دەستیان ناگاتە باڵای بەرز و شکۆداری (چاك) و هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت، کە لە داخا، یەخەی خۆیان دادڕن.
(چاك) ڕۆژ بەڕۆژ متمانەی لە ناو گەل و لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا زیاد دەکات، بۆیە بەرپرسیارێتییەکی مەزنی لەسەر شانە. (چاك) کاتی بەنرخی خۆی، بۆ ئەنفالکراوان و قوربانییانی جینۆساید تەرخان کردووە و لە وەڵامی قسە و نووسینی سووك و هەڵبەستراو و بێبنەما خەرجی ناکات.
کورد دەڵێت (دوژمنێکی زانا، نەك دۆستێکی نەزان) چونکە زەرەرمەندی یەکەم دۆستەکانیان دەبن. دڵنیاین کە کەسانێکی مشەخۆری لەو ئاستە نەك لای ئێمە و جەماوەر، بەڵکو لای گوایا دۆستەکانیشیان، لەسەر بێئاستی و نەزانی و درۆی ئاشکرایان، ڕیسوا دەکرێن.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك).
2005-11-15
www. chak. info
chak_org@yahoo. com

---

* (کۆمیتەی بەگەڕخستنی هەوڵەکانی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی)